# چەند ئامۆژگاریەك
# بۆ
# چاكسازی نێو ماڵان

---

**الشيخ: إبراهيم بن عبد الله المزروعي**

**وەرگێرانی**

**ستافی سایتی وەڵامەکان**

==========================================================

**له بلاوكراوەكانی**

**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

**ba8.org**

**walamakan.com**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدُ لله رب العالمين والصلاةُ والسلامُ على خاتم الأنبياء والمرسلين وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأن محمداً عبدُه ورسولُه، وبعدُ..

## ماڵ نیعمەتێکی گەورەیە

**خوای گەورە دەفەرموێت: {وَاللَّهُ جَعَلَ لَكُمْ مِنْ بُيُوتِكُمْ سَكَنًا}[النحل: ٨٠]. واتە: ئەوەشتان لەبیر بێت کە خوای پاك و بێگەرد ماڵەکانی بۆ کردوون بەئارامگە و سوکنا بۆ خۆتان و خانەوادەتان.**

**پێشەوا ابن کەسیر – رەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت: " شوێنی نیشتەجێ و دڵئارامیە بۆیان و لەهەرشوێنێك بن بۆی دەگەڕێنەوە و بەهەموو شێوەکان سوودی لێ وەردەگرن ". جا بۆیە ماڵ شوێنی حەوانەوە وتەنها کەوتن و هاوسەرگیری و کۆبونەوەیە لەگەڵ خێزان و منداڵدا و هەروەها داپۆشەری عەورەت و دامێنیشە.**

## بۆچی دەبێت گرنگی بە چاککردنی نێو ماڵ بدرێت؟

### - لە پێناو پاراستنی خود و خاوخێزان لە ئاگری دۆزەخ:

**خوای گەورە دەفەرموێت:{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا}[التحريم:٦].**

**واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆتان بپارێزن بە ئەنجامدانی ئەوەی کە خوا فەرمانی پێکردوون و بە وازهێنان لەوەشی کە یاساغی لێکردوون ، وە ماڵ و منداڵتان بپارێزن بەوەی کە خۆتانی پێدەپارێزن لە ئاگری دۆزەخ.**

- لەبەر گەورەیی بەرپرسیارێتیە لەبەردەم خوای گەورەدا :

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إنّ الله تعالى سائلٌ كلَّ راعٍ عمَّا استرعاهُ أحَفِظَ ذلك أم ضَيَّعهُ، حتى يَسألَ الرجلَ عن أهلِ بيتِه)[1].

واتە: خوای گەورە پرسیار دەكات لەهەموو ئەو كەسانەی كە بەرپرس و لێپرسراون لەسەر ئەو شتانەی كەلە ژێر دەستیاندایە بەوەی كە پاراستوونی یان زایەی كردوون، تەنانەت پرسیار لە پیاو دەكات لەسەر خانەوادەكەی.

- لەبەر ئەوەی ماڵ شوێنی خۆپاراستن و سەلامەتیە لە فیتنە وئاشووب:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (سلامةُ الرجلِ في الفتنةِ أن يلزمَ بيته)[2]. واتە: سەلامەتی پیاو لە كاتی فیتنەدا ئەوەیە كە پەیوەست بێت بە ماڵەوە ودەرنەچێت.

هەروەها لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرموێت: (طوبَى لمن ملَكَ لسانَهُ، ووسِعَهُ بيتُه، وبكَى على خطيئَتِهِ)[3]، واتە: توبا ( دارێكە لەبەهەشت) بۆ ئەو كەسەی كە زمانی خۆی دەپارێزێت، و لەماڵەكەیدا جێگەی دەبێتەوە و بۆ تاوانەكانی دەگریت.

(1) أخرجه النسائي وابن حبان، وحسنه الألباني رحمه الله في صحيح الجامع برقم (١٧٧٤).
(2) في كنز العمال للمتقي الهندي برقم (٣٠٨٢٤ )، وحسنه في صحيح الجامع برقم (٣٦٤٧).
(3) أخرجه الطبراني في الأوسط برقم (٢٣٤٠) وحسَّنَه الألباني رحمه الله في صحيح الجامع برقم (٣٩٢٩).

## جا هۆكارەكانی چاككردنی ماڵەكان چین؟

### ١- هەڵبژاردنی هاوسەرێكی باش:

بەوەی كە هاوسەرێكی چاك و بۆخوا صولحاو بێت ولەفەرموودەشدا هاتووە: (فاظفر بذاتِ الدين تربت يداك) [1]. واتە: لەكاتی هاوسەرگیریدا دەست بگرە بە ئافرەتی دینداروەوە بۆ ئەوەی تووشی زەرەرو زیان نەبیت.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (ليتخذْ أحدُكم قلباً شاكراً ولساناً ذاكراً وزوجةً مؤمنةً تعينُه على أمرِ الآخرة) [2]. واتە: با هەریەك لە ئێوە دڵێكی سوپاسگوزار و زمانێكی بەزیكر و هاوسەرێكی باوەڕداری هەبێت كە هاوكاری بكات بۆ كاروباری دوارۆژ.

لەفەرموودەیەكی تردا دەفەرموێت: (مِنَ السَّعَادَةِ: الْمَرْأَةُ الصالِحةُ تَرَاهَا تُعْجِبُكَ، وَتَغِيبُ فَتَأْمَنُهَا عَلَى نَفْسِهَا، وَمَالِكَ، وَمِنَ الشَّقَاوَةِ: الْمَرْأَةُ تَرَاهَا فَتَسُوءُكَ، وَتَحْمِلُ لِسَانَهَا عَلَيْكَ، وَإِنْ غِبْتَ عَنْهَا لَمْ تَأْمَنْهَا عَلَى نَفْسِهَا، وَمَالِكَ) [3]، واتە: لە هۆكارەكانی خۆشبەختی دونیا بریتین لە: هاوسەری چاك كاتێك كە دەیبینی پێی سەرسام بیت، و كەلەماڵەوە نیت لێی دڵنیابیت لە خۆی و ماڵەكەت، وە لە هۆكارەكانی بەدبەختی وناخۆشیش: هاوسەرێكە كە دەیبینی پێی خەفەتباربیت و زمان درێژبێت بەرانبەرت و ئەگەر لەماڵیشەوە نەبیت دڵنیانەبیت لە خۆی و ماڵەكەت.

جا بۆیە كاتێك پیاوێك هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێكی ئیمان لاوازدا دەكات دەبێت هەوڵی چاككردنی لەگەڵدا بدات و بەوەی كە خواپەرستیەكانی بۆ باش وتەواو بكات و هانی بدات لەسەر جێ

---

(1) متفق عليه: أخرجه البخاري برقم (٥٠٩٠)، ومسلم برقم (١٤٦٦).

(2) أخرجه أحمد والترمذي وابن ماجه، وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم (٥٣٥١).

(3) أخرجه ابن حبان، والحاكم في المستدرك برقم (٢/ ١٧٥)، وهو في صحيح الجامع برقم (٣٠٥٣).

بەجێ كردنی فەرمان پێكراوەكان و سوننەتەكان و زیكرەكان و دابین كردنی كتێب و وانەی دەنگی زانایان و بەشداری پێكردنی لە كۆڕی كەسانی چاك ووانەی زانستیدا.

## ٢- گرنگی دان بە پەروەردەیەكی ئیمانی بۆ خێزان:

ماڵ وا لێ بكات كە ببێت بەشوێنێك بۆ زیكر و قورئان خوێندن و نوێژكردن و ڕۆژوگرتن و صەدەقەكردن وكاری خێری تر، بەوە پیاو دەبێتە چاولێكەر بۆ ماڵەوەی.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (رحم اللهُ رجلاً قام الليل فصلَّى فأيقظ امرأته فَصَلَّت فإن أبت نضح في وجهها الماء)[1]. واتە: ڕەحمەتی خوا لە پیاوێك بێت كە شەو هەڵدەسێت بۆ شەونوێژ و هاوسەرەكەشی بە ئاگادەهێنێتەوە و ئەگەر هەڵنەسا كەمێك ئاو دەكات بە ڕوومەتیدا.

هەروەها فەرموویەتی: (مَثَلُ البيتِ الذي يُذكرُ اللهُ فيه والبيتِ الذي لا يذكرُ اللهُ فيه، مَثَلُ الحيِّ والميّتِ)[2]. واتە: نموونەی ماڵێك كە زیكری خوای تێدا دەكرێت و ماڵێك كە زیكری خوای تێدا ناكرێت وەكو زیندو و مردوو وایە.

هەروەها فەرموویەتی: (لا تجعلوا بيوتكم مقابر، إنّ الشيطان ينفرُ من البيتِ الذي تقرأُ فيه سورةُ البقرة)[3] واتە: ماڵەكانتان مەكەن بە گۆڕستان، چونكە شەیتان ڕادەكات لە ماڵێكدا كە سورەتی بەقەرەی تێدا بخوێنرێت.

(1) أخرجه أحمد في المسند، وأبو داود برقم (١٣٠٨)، وهو في صحيح الجامع برقم (٣٤٩١).
(2) صحيح مسلم برقم (٧٧٩).
(3) صحيح مسلم برقم (٧٨٠).

### ٣- گرنگی دان بە فێركردنی ماڵەوە سەبارەت بە كاروباری دینەكەیان:

لە ماناو تەفسیری ئەم ئایەتەدا : {قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا}[التحريم:٦].

زەحاك و جگە لەویش دەڵێن: " حەقە لەسەر موسڵمان كە ئەوەی خوا فەرزی كردووە ونەهی لێكردووە فێری هاوسەر و نزیكەكانی بكات " بۆ ئەو كارەش پێویستە رۆژێك تەرخان بكات بۆ فێركردنیان.

ئەوەشی هاریكارە لەسەر ئەو كارە بریتیە لە دروستكردن و دانانی مەكتەبەیەك لەماڵەوەدا كە كۆمەڵێك كتێبـی شەرعی لەخۆگرتبێت كە بۆ بچووك وگەورە و ژن وپیاو بشێن، ئەوەش بە راوێژ لەگەڵ كەسانی خاوەن زانست وئەزموون.

وە ئەوەی هاوكارە بۆ فێركردنی خێزان: ئامادەكردنی وانەی دەنگی زانستی سەبارەت بە قورئان و كە تایبەت بێت بۆ ئافرەت و منداڵ ولەوەشدا بە پرس و راوێژ بەكەسانی شارەزا لەوبوارەدا.

### ٤- فێركردنی حوكمە شەرعیەكان بۆ ماڵـەوە، لەوانە:

#### أ- ئیزن خواستن و سەلام كردن:

خوای گەورە دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا}[النور:٢٧]. واتە: ئەی ئەوانەی كە باوەڕتان بە خوای پەروەردگار و پەیامبەرەكەی هێناوە و بەڕاستیان دەزانن ، و كردەوە بە شەریعەتەكەی دەكەن ، و مەڕۆنە ماڵێكەوە جگە لە ماڵەكانی خۆتان ، تاكو ڕوخسەتی چوونە ژوورەوە لە خاوەن ماڵەكە وەردەگرن ، و سەلامیان لێدەكەن.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (إذا استأذنَ أحدُكم ثلاثاً فلم يؤذنْ له فَلْيَرْجِعْ)[1]. واتە: ئەگەر یەكێكتان سێ جار ئیزنی خواست و ئیزنی پێ نەدرا ئەوا با بگەڕێتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلاثَ مَرَّاتٍ مِن قَبْلِ صَلاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ الظَّهِيرَةِ وَمِن بَعْدِ صَلاةِ الْعِشَاءِ ثَلاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ}[النور:٥٨]

واتە: ئەی ئەوانەی كە باوەڕتانهێناوە بەخوای پەروەردگار و پەیامبەرەكەی ﷺ و بەڕاستیان دەزانن ، و كردار بە شەریعەتەكەی دەكەن ، فەرمان بەكۆیلە و كەنیزەكەكانتان بكەن ، وە ئەو منداڵە ئازادانەی كە نەگەشتونەتە تەمەنی پێگەیشتن بەوەی كە ڕوخسەت وەرگرن لەكاتی هاتنەژوورەوەیان بۆ لاتان لە سێ كاتەكەی دەركەوتنی عەورەتدا : لەپێش نوێژی بەیانی ، چونكە كاتی لابردنی جل و بەرگی خەو و لەبەركردنی جلی بەئاگابوونە ، وە لەكاتی داكەندنی جل و بەرگ لە قەیلولەی ـ سەرخەوشكاندنی ـ پێش نیوەڕۆدا ، وە لەدوای نوێژی عیشادا ، چونكە كاتی خەوتنە ، وە ئەم سێ كاتە كاتی دەركەوتنی عەورەتن بۆتان ، كەمجار تێیدا خۆدادەپۆشرێت.

جا لەم ئایەتەدا دەبینین خوای پەروەردگار فەرمان بە منداڵان و خزمەتكارەكان دەكات بەوەی كە نەچنە ژووری دایك وباوكەوە بەبێ ئیزن خواستن لەو كاتانەی كە كاتی خەوتنن.

(1) متفق عليه: أخرجه البخاري برقم (٦٢٤٥)، ومسلم برقم (٢١٥٣).

**ب- دروست نییه سەیری ماڵی كەسانی تر بكرێت بەبێ ئیزنیان:**

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (مَن اطَّلع في بيتٍ قوم بغير إذنٍ ففقئُوا عينَه فلا ديَة له ولا قصاص) [1] واتە: ئەوەی سەیری نێوماڵی كەسێكی تری كرد بەبێ ئیزن و خاوەن ماڵیش چاوی دەركرد ئەوا خوێنبایی و تۆڵەكردنەوەی بۆ نییە.

لە ریوایەتی موسلیمدا بەم شێوەیە هاتووە: (فقد حَّلَ لهم أن يفقؤوا عينَه) [2]. واتە: ئەوا بۆیان حەلاڵە كە چاوی دەربێنن.

**جـ- ئەگەر هەندێك جار نوێژی سوننەتی لەماڵەوە بە كۆمەڵ ئەنجام دا ئەوا بەبێ ئیزنی خاوەن ماڵ نابێ كەسی تر پێش نوێژی بكات و میوانیش دانانیشێت لەشوێنێكدا لە ماڵێدا ئیلا بەئیزنی خاوەن ماڵ نەبێت:**

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (لاَ يُؤَمُّ الرَّجُلُ فِي سُلْطَانِهِ، وَلاَ يُجْلَسُ عَلَى تَكْرِمَتِهِ فِي بَيْتِهِ إِلاَّ بِإِذْنِهِ) [3].

واتە: پیاو پێش نوێژی ناكات لە ژێر دەسەڵاتی خاوەن ماڵدا و داش نانیشێت لە شوێنێكدا لەو ماڵەیدا مەگەر بە ئیزنی ئەو نەبێت.

---

(1) مسند أحمد برقم (٨٩٩٦) وهو في صحيح الجامع برقم (٦٠٤٦).

(2) صحيح مسلم برقم (٢١٥٨).

(3) اللفظ للترمذيُّ برقم (٢٣٥)، وهو عند مسلم وأحمد وأبو داود وغيرهم بألفاظ متقاربة.

## د- نوێژی سوننەت لە ماڵەوەدا باشترە لەهەر شوێنێك:

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی: (خَيْر صَلَاةِ الْمَرْءِ فِي بَيْتِهِ إِلَّا الصَّلَاةَ الْمَكْتُوبَةَ) [1]. واتە: باشترین نوێژی كەسێك ئەوەیە كەلە ماڵەوەیدا بیكات جگە لە نوێژە فەرزەكان نەبێت.

لە ریوایەتێكی تردا بەم شێوەیە هاتووە: (أَفْضَلَ الصَّلاَةِ صَلاَةُ المَرْءِ فِي بَيْتِهِ إِلَّا المَكْتُوبَةَ) [2]. واتە: باشترین نوێژێك ئەو نوێژەی كەسێكە كەلە ماڵەوەیدا بیكات فەرزەكان نەبێت.

## هـ – دروستە پیاو پشت بكات لە هاوسەرە سەرپێچیكارەكەی ئیتر لە ماڵەوە بێت یان دەرەوەی ماڵ بە پێی بەرژەوەندی وچاكەخوازی:

خوای گەورە دەفەرموێت: {وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ}[النساء:٣٤]. جێگەی خەوتنیان لێ جیابكەنەوە و نزیكیان مەبنەوە.

لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە: (أن النبيَّ هجر نساءه في حُجُرهنَّ واعتزل في مشربةٍ خارج بيوتهِ) [3]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ پشتی لە هەموو خێزانەكانی كرد لە ژوورەكانی خۆیان و لێیان دووركەوتەوە لە شوێنێكی دەرەوەی ماڵەكانی.

---

(1) متفق عليه: أخرجه البخاري برقم (٦١١٣)، ومسلم برقم (٧٨١).

(2) صحيح البخاري برقم (٧٣١).

(3) في البخاري برقم (٣٧٨) (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ آلَى مِنْ نِسَائِهِ شَهْرًا، فَجَلَسَ فِي مَشْرُبَةٍ لَهُ دَرَجَتُهَا مِنْ جُذُوعٍ).

**و- پشیلەی نێو ماڵ ئەگەر ئاوی خواردەوە لەناو شتێك یان شتی خوارد ئەوا پیسی ناكات:**

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (السِّنَّورُ من أهل البيت، إنَّها من الطوّافين عليكم)[1]. واتە: پشیلە سەربە ئەو ماڵەیە كە تێیدا دەژیت، وە پشیلە ئەو ئاژەڵەیە كە زۆر هاتوچۆتان دەكات و دێتە لاتان.

**ز- یەكێكی تر لە حوكمەكانی نێوماڵ بریتیە لە پاراستنی نهێنی نێوماڵ بەتایبەت نهێنیەكانی كاتی جێژ و ژوان بەستنی دایك وباوك یان ناكۆكیە خێزانیەكان و تایبە تمەندیەكانی نێوماڵ.**

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إنّ من شرِّ الناسِ عند الله منزلةً يوم القيامة، الرجلُ يفضي إلى امرأتهِ وتفضي إليه ثم ينشرُ سرَّها)[2] واتە: خراپترین پلەوپایەی كەسێك لەرۆژی دواییدا لای خوای گەورە پیاوێكە كە سەرجێی لەگەڵ هاوسەرەكەیدا دەكات و پاشان دەچێت باسی دەكات وبلاّودەكاتەوە.

وە دزە پێكردنی ناكۆكیە خێزانیەكان وباس كردنی لای خزم ودراوسێ سەردەكێشێ بۆ تەڵاق و جیابوونەوە.

**ح- ئافرەت ئەو كەسە ناهێنێتە ماڵەوە كە مێردەكەی حەزی لێ ناكات وبەلایەوە شیاونییە:**

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (فَأَمَّا حَقُّكُمْ عَلَى نِسَائِكُمْ، فَلَا يُوَطِّئْنَ فُرُشَكُمْ مَنْ تَكْرَهُونَ، وَلَا يَأْذَنَّ فِي بُيُوتِكُمْ لِمَنْ تَكْرَهُونَ)[1]. واتە: مافی ئێوەی پیاو بەسەر هاوسەرەكانتانەوە ئەوەیە كە نابێت كەسێك بهێننە ماڵەوە و ئیزنی كەسێك بدەن كە ئێوە رقتان لێیەتی و حەزیان لێ ناكەن.

---

(1) في سنن أبي داوود، ومسند أحمد برقم (٢٢٦٣٦)، وهو في صحيح الجامع برقم (٣٦٩٤).

(2) صحيح مسلم برقم (١٤٣٧).

### ٥- تێبینی كردن وسەرنج دان لە حاڵ وباری نێوماڵ و ئەندامانی خێزان:

- سووربون لەسەر رێكخستنی كاتەكانی خەوتن و ژەمە خواردنەكان لەپێناو رێگری كردن لە ژاوەژاوە وبێ سەروبەری.

- فێركردنی ئەندامانی خێزان چۆنێتی خوێندنەوەی قورئان و بیروباوەڕی ڕاستەقینە وئاداب وسوننەتەكان.

- گرنگی دان بە یاری منداڵانەی سوودبەخش ودڵخۆشكەر ودرووكەوتنەوە لەو یاریانەی كە پێچەوانەی شەرعن وەكو بت وپەیكەر و ئامێرە مۆسیقاییەكان و تاولە وهەروەها هەندێك یاری كۆمپیوتەری.

- گاڵتە و سوعبەت كردن لەگەڵ هاوسەر ومنداڵەكاندا:

ئەبی هورەیرە دەڵێت: (كَانَ رسول لَيَدْلَعُ لِسَانَهُ لِلْحَسَنِ بْنِ عَلِيٍّ، فَيَرَى الصَّبِيُّ حُمْرَةَ لِسَانِهِ، فَيَبْهَشُ إِلَيْهِ) [٢]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ زمانی دەردەكرد بۆ حەسەنی كوڕی عەلی، و ئەویش سورایی زمانی دەبینی و دەستی بۆ دەبرد.

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ سوعبەتی لەگەڵ خێزانەكانیدا دەكرد و منداڵی نەوەكانی ماچ دەكرد و یاری لەگەڵ دەكردن.

- چاودێری كردنی منداڵەكان بەتایبەت هەرزەكارەكان، وە لەهەمان كاتیشدا نابێت كارێك بكەیت كە متمانە لەنێوانتاندا نەمێنێت، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إِنَّ اللهَ سَائِلٌ كُلَّ رَاعٍ

---

(1) سنن الترمذي برقم (١١٦٣)، وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم (٧٨٨٠).

(2) في شرح السنة للبغوي برقم (٣٦٠٣)، والسلسلة الصحيحة للألباني برقم (٧٠).

عَمَّا اسْتَرْعَاهُ، أَحَفِظَ ذَلِكَ أَمْ ضَيَّعَ؟ حَتَّى يُسْأَلَ الرَّجُلَ عَلَى أَهْلِ بَيْتِهِ)[1]. واتە: خوای گەورە پرسیار دەكات لەهەموو ئەو كەسانەی كە بەرپرس و لێپرسراون لەسەر ئەو شتانەی كەلە ژێر دەستیاندایە بەوەی كە پاراستوونی یان زایەی كردوون، تەنانەت پرسیار لە پیاو دەكات لەسەر خانەوادەكەی.

وە دەبێت سەرپەرشیاری ماڵ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

- هاوڕێی منداڵەكانت كێن؟ هی كچەكانت كێن؟
- كوڕەكەت بۆ كوێ دەچێت و لەگەڵ كێدا دەچێت؟ هەروەها كچەكەت؟
- منداڵەكان چییان پێیە لە دەرەوەی ماڵ؟
- منداڵەكان چییان لەگەڵە لەناو ژوور وجانتاكانیان؟

## هاوكاری كردنی ماڵەوە لە ئیش وكاری نێوماڵ:

لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە: (عَنِ الأَسْوَدِ، قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ، مَا كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَصْنَعُ فِي أَهْلِهِ؟ قَالَتْ: كَانَ فِي مِهْنَةِ أَهْلِهِ، فَإِذَا حَضَرَتِ الصَّلاَةُ قَامَ إِلَى الصَّلاَةِ)[2].

واتە: ئەسوەد دەڵێت: پرسیارم لە عائیشە كرد كە پێغەمبەری خوا ﷺ لەماڵەوە چی دەكرد؟ ئەویش ووتی: ئەو لە هاوكاری كردنی خێزانیدا بوو بەڵام كە كاتی نوێژ بهاتبایە ئەوا هەڵدەستا ودەچوو بۆ نوێژ.

(1) السنن الكبرى للنسائي برقم (٩١٢٩)، وأخرجه الألباني رحمه الله في الصحيحة برقم (١٦٣٦).
(2) صحيح البخاري: برقم (٦٠٣٩).

هەروەها دەڵێت: (كانَ رسول الله يَخِيطُ ثَوْبَهُ، وَيَخْصِفُ نَعْلَهُ، وَيَعْمَلُ مَا يَعْمَلُ الرِّجَالُ فِي بُيُوتِهِمْ)[1]، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ جلی خۆی دەدوریەوە و پێڵاو ونەعلی خۆی چاك دەكرد و ئەو كارانەی دەكرد كە پیاوان لە ماڵەوە دەیكەن.

وفي رواية: (كَانَ بَشَرًا مِنَ الْبَشَرِ يَفْلِي ثَوْبَهُ، وَيَحْلُبُ شَاتَهُ، وَيَخْدُمُ نَفْسَهُ)[2]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ مرۆڤێك بوو لە مرۆڤەكان و بەدوای ئەسپێدا دەگەڕا لە جلوبەرگەكەی و خۆی شیری مەڕەكەی دەدۆشی و خزمەتی خۆی دەكرد.

### بەرەنگاربوونەوەی ڕەوشتە نزم وخراپەكان لە نێو ماڵدا:

عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: (كانَ رسول الله إذا اطّلع على أحدٍ من أهل بيته كذب كذبةً لم يزلْ معُرضاً عنه حتى يُحدِثَ توبةً)[3]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر درۆیەكی ببینیایە لە نێو ماڵیدا لەلایەن یەكێكیانەوە ئەوا بەردەوام ڕووی لێ وەردەگێڕا هەتا كەسەكە وای لێ دەهات تۆبەی بكردایە.

پێغەمبەری خوا ﷺفەرموویەتی: (عَلِّقُوا السَّوْطَ حَيْثُ يَرَاهُ أَهْلُ الْبَيْتِ، فَإِنَّهُ آدَبُ لَهُمْ)[4].

واتە: دار (گۆچان) لەماڵدا هەڵبواسن لەشوێنێكدا كە ماڵەوە ببینن چونكە ئەو دارە ئەدەبە بۆیان.

وریایی و ئاگاداری لە بردنە ژورەوەی خزمانی نامەحرەم بۆ ماڵەوە بۆ ئەو ژورەی كە هاوسەرەكەتی تێدایە:

---

(1) مسند أحمد برقم (٢٤٩٠٣ )، وهو في صحيح الجامع برقم (٤٩٣٧).
(2) مسند أحمد برقم (٢٦١٩٤)، وفي السلسلة الصحيحة برقم (٦٧١) .
(3) مسند أحمد،وفي صحيح الجامع برقم (٤٦٧٥).
(4) أخرجه الطبراني، وهو في صحيح الجامع برقم (٤٠٢١) .

وەكو برای مێرد و ئامۆزای و مامی و خاڵی و كوڕەخاڵی و جگە لەوانیش لە كەسانی نامەحرەم.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (إيّاكم والدخولَ على النساء، فقال رجلٌ من الأنصار: يا رسول الله ؟ أفرأيتَ الحمو، قال: الحمو الموتُ) [1]. واتە: نەكەن بچنە ژوورەوە بۆ لای ئافرەتان، پیاوێك لە ئەنصار ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی خزمانی مێرد؟ ئەویش فەرمووی: خزمانی مێرد وەكو مەرگ ومردن وەهایە.

پێشەوا نەوەوی دەڵێت: " مەبەست لە فەرموودەكە بریتییە لە خزمانی مێرد جگە لە باوك وباپیر و كوڕەكانی. "[2].

### ٦- ئاگاداریەك بۆ مەترسی شۆفێران و خزمەتكارەكانی نێو ماڵان:

- فیتنەی هەڵخەڵەتاندن و لەرێ دەركردنی خزمەتكار و شۆفێران بۆ ئافرەتان.

- زیان گەیاندن و زەرەرلێدان بە ئەندامانی خێزان لە رێگەی دزی و زینا وسیحر و بەتەنهاكەوتن و گواستنەوەو بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕی كوفری وجگە لەوانەش.

### ٧- كەسانی نێرەموك و ئەو ئافرەتانەی كە خۆیان بە پیاوان دەشوبهێنن مەهێڵن بچنە ماڵەكانتان بەتەنها لەگەڵ هاوسەرەكانتاندا.

پێشەوا بوخاری – رەحمەتی خوای لێ بێت- دەڵێت: سەبارەت بە دەركردنی ئەو پیاوانەی كە خۆیان بە ئافرەت دەشوبهێنن لە ماڵدا، ابن عباس دەڵێت: (لعن النبيُّ صلى الله عليه وسلم المخنثين من الرجال والمترجلاتِ من النساء، وقال: أخرجوهُم من بيوتكم، قال: فأخرج النبيُّ فلاناً، وأخرج عمرُ

---

(1) متفقٌ عليه: أخرجه البخاري برقم (٥٢٣٢ ) ومسلم برقم (٢١٧٢).

(2) فتح الباري: (٩/٣٣١).

فلانةً)[1]. پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی کردووە لەو پیاوانەی کە خۆیان بە ئافرەتان دەشوبهێنن و لەو ئافرەتانەش کە خۆیان بە پیاوان دەشوبهێنن، وە فەرمووی دەریان بکەن لەماڵەکانتان (مەهێڵن لەگەڵ خێزانەکانتاندا بمێننەوە) وە دەڵێت: پێغەمبەری خوا فلانی دەرکرد و عومەریش ئەو ئافرەتەی دەرکرد کە خۆی بە پیاو دەشوبهاند.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (أخرِجُوا الْمُخَنَّثِينَ مِنْ بُيُوتِكُمْ)[2]. واتە: ئەو کەسانەی کە خۆیان دەشوبهێنن بە ئافرەتان لە ماڵەکانتان بەجێیان مەهێڵن و دەریان بکەن.

وە وشەی (المخنث)یش کەلە فەرموودەکەدا هاتووە واتە ئەو پیاوەی کە خۆی دەشوبهێنێت بە ئافرەت لە شێواز و جوڵە و قسە شتی تردا بە ئەنقەست.

لە سوونەنی ئەبی داودو جگە لەویشدا هاتووە کە جارێکیان موخەنەسێك دەهێنن بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ کە هەردوو دەستی و قاچەکانی بە خەنە ڕەنگ کردبوو، وترا: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم کەسە خۆی دەشویهێنێت بە ئافرەتان، ئەویش دووری خستەوە بۆ شوێنێك کە پێی دەوترێت (نەقیع) بۆ ئەوەی خەڵکی تووشی فیتنە نەکات، وترا ئەی نایکوژی؟ ئەویش فەرمووی: من نەهیم لێکراوە لەوەی نوێژخوێنان بکوژم.[3]

---

(1) فتح الباري: (١٠/٣٣٣).

(2) مسند أحمد برقم (١٩٨١)، والمعجم الكبير للطبراني برقم (١١٩٩٠)، وفي صحيح الجامع (٢٢٨).

(3) سنن أبي داوود برقم (٤٩٢٨).

### ٨- ئاگادارکردنەوە لە شەڕ و خراپەی مۆبایل، ئامێرێکە کە سوود و زیانیشی هەیە:

لە سوودەکانی: گلدانەوەی کات و خێرا پەیوەندی کردن بە هەرلایەکەوە کە بتەوێت و بەکارهێنانی لە بواری فەتوا و بانگەواز و سیلەی رەحم و شتی سودبەخشی تردا.

لە زیانەکانی: خراپ بەکارهێنانی بۆ بابەتی دڵداری وخۆشەویستی وکات بەفیڕۆدان و فیتنەیی و غەیبەت و جگە لەوانەش.

### ٩- دەبێت هەموو ئەو شتانە لابرێن کە هێما و ئاماژەن بۆ دینی بێباوەڕان و پەرستراوەکانیان لە ماڵ و شوێنەکانی تردا:

لە صەحیحی بوخاریدا هاتووە لە عائیشەوە رەزای خوای لێ بێت کە دەڵێت: (أن النبيَّ لم يكن يتركُ في بيته شيئاً فيه تصاليبُ إلاّ نقضَهُ)[١]. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ شتێکی نەدەهێشتەوە لەماڵەوەدا کە هێمای خاچی پێوە بێت ئیلا لەناوی دەبرد.

وە نابێت و شیاو نییە ئەو دەفر و قاپ و پەرداخ و ڕاخەر وشمەکانە بکرێت کە وێنەی پەرستراوی بێباوەڕانی لەسەرە وپێوەیە، وەکو خاچ و پەیکەر و کەنیسە و هاوشێوەکانی.

**١٠- دەبێت وێنەی گیانداران لابرێن:** چونکە زانایان بۆچونیان وەهایە کە وێنەی گیاندار حەرامە ئیتر بە هەڵکۆڵین بێات یان وێنە کێشان بەدەست یاخود بە ئامێر بگیرێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (إنّ أشدَّ الناسِ عذاباً عند الله يومِ القيامةِ المصوّرون)[٢].

واتە: توندترین وسەختترین سزا لای خوا لە رۆژی دواییدا وێنەگرانن.

(1) صحيح البخاري برقم (٥٩٥٢).
(2) صحيح البخاري برقم (٥٩٥٠).

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (إنّ البيتَ الذي فيه الصور لا تدخلُه الملائكةُ)[1]. واتە: ئەو ماڵەی كە وێنەی تێدایە فریشتە ناچێتە ناویەوە.

پێشەوا ابن حجر دەڵێت: " وشەی (البيت) مەبەست پێی ئەو شوێنەیە كە مرۆڤ لێی جێگیرو نیشتەجێیە ئیتر بینا بێت یان خێمە وچادر وجگە لەوەش "[2].

هەروەها دەڵێـت: " ئەو وێنەیەی كە رێگرە لە هاتنی فریشتە بۆ ماڵ ئەو وێنەیەیە كە گیانلەبەرە و سەری لێ نەكراوەتەوە یان سوكایەتی پێ نەكراوە (وەكو بەرپێی) "[3].

پێشەوا نەوەوی دەڵێت: " زانایان دەڵێن: وێنەی ئاژەڵی گیاندار زۆر حەرامە و لە تاوانە گەورەكانە كە هەڕەشەی توندی لەسەرە، ئیتر ئەو وێنەیە لەسەر جلوبەرگ بێت یان ڕاخەر یان پارە ودراو یان قاپ وپەرداخ ودیوار یان شتی تر "[4].

وە لەو وێنانە: ئەو پەیكەرانەی كە بۆ جوانی دادەنرێن و هەروەها یاری شەترەنج و یاری منداڵان و وێنەی سەر كەلوپەل وجانتا وپێنووس و گۆڤار و بەتانی ولێفە وبەرماڵ وپەردە وجگە لەوانەش.

### ١١- دروست نییە سەگ لە ماڵەوە رابگیرێت:

بزانە كە پارە وبەهای سەگ حەرامە لەبەر ئەوەی نەهی لەسەر هاتووە وەكو لە هەردوو كتێبە صەحیحەكەدا هاتووە، بۆیە دروست نییە سەگ بفرۆشرێت یان بكڕرێت، وە ڕاگرتنی سەگ لەماڵەوەدا دروست نییە و لە نەریتی بێباوەڕانە و دروست نییە موسڵمان خۆی بەوان بشوبهێنێت.

---

(1) صحيح البخاري برقم (٢١٠٥).
(2) الفتح (٣٨١/١).
(3) الفتح (٣٨٢/١).
(4) الفتح (٣٨٤/١).

وە بشزانە كە هەركەسێك سەگ ڕابگرێت ئەوا هەموو ڕۆژێك بە ئەندازەی دوو قیرات لە پاداشتی لێ كەم دەبێتەوە:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (ما من أهلِ بيتٍ يرتبطون كلباً إلاّ نقص من عملهم كلَّ يوم قيراطٌ)، وفي رواية مسلم: (قيراطان) [1] واتە: هەر خاوەن ماڵێك سەگ ببەستنەوە و ڕاییگرن ئەوا هەموو ڕۆژێك بە ئەندازەی قیراتێك پاداشتی لێ كەم دەبێتەوە. لە ڕیوایەتی موسلیمدا بە دوو قیرات هاتووە.

بەڵام لە فەرموودەیەكی تردا ئەم جۆرەی لە سەگی لێ دەركردووە: (إلاّ كلبُ صيدٍ أو كلبُ حرثٍ أو كلبُ غنم) [2]. واتە: تەنها سەگی ڕاو یان سەگی پاسەوانی دەغلودان یان سەگی پاسەوانی ئاژەڵ.

بەڵـكو تەنها بە بوونی سەگ لەماڵەوە ڕێگرە لە هاتنی فریشتە بۆ نێو ئەو ماڵە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (أتى جبريلُ فقال: إنِّي كنتُ أتيتُكَ الليلةَ فلمْ يمنعْني أن أدخلَ عليك البيتَ الذي أنت فيه إلاّ أنه كانَ في البيتَ تمثالُ رجلٍ، وكانَ في البيتِ قرامُ سِترٍ فيه تماثيلُ، وكانَ في البيتِ كلبٌ، فمُرْ برأسِ التمثال يُقطعُ فيُصَيَّرُ كهيئةِ الشجرةِ، ومُرْ بالسترِ يقُطعُ فُيجعلُ منه وسادتانِ توطئانِ، ومُرْ بالكلبِ فيُخرجُ، ففعل رسول الله) [3]. واتە: جبریل هات و وتی: من شەو هاتم بۆ لات بەڵام ئەوەی ڕێگر بوو لەوەی بێمە ژوورەوە بۆ لات ئەوەبوو كە لەو ماڵەی تۆی تێدا بوو پەیكەری پیاوێك و پەردەیەك كە وێنەی گیانلەبەری پێوەبوو وە هەروەها سەگی تێدابوو، جا فەرمان بكە با سەری پەیكەرەكە لێ بكرێتەوە و وەكو دارێكی لێ دێت، و فەرمانیش بكە با پەردەكە بدڕن و بیكەن بە دوو ڕاخەر و فەرمانیش بكە سەگەكە لەماڵ دەربكرێت، پێغەمبەری خوایش وای كرد.

---

(1) صحيح مسلم برقم (١٥٧٤).

(2) في سنن الترمذي برقم (١٤٨٩)وفي صحيح الجامع برقم (٥٣١٥).

(3) مسند أحمد برقم (٨٠٤٤) وغيره،وهو في السلسلة الصحيحة برقم (٣٥٦) .

**١٢- گرنگی دان بە ماڵ لە ناووەو و دەرەوە:** لە پێشدا هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو بۆ ماڵ، وەكو ئەوەی نزیك بێت لە مزگەوتەوە ودووربێت لە شوێنی خراپ وخراپەكاری، وە سەرئاوەكان با ڕوو لە قیبلە نەبن، وە با خانوەكە فراوان بێت ئەگەر توانرا چونكە ئەوە لە هۆكارەكانی خۆشبەختیە.

- دەستنیشان كردن و هەڵبژاردنی دراوسێی چاكی موسڵمان دیسانەوە لە هۆكارەكانی خۆشبەختیە.

- گرنگی دان بە چاك كردنەوەی ئەو ئامێرانەی كەلە ماڵەوە خراپ دەبن ولەكاردەكەون.

-گرنگی دان و ڕەچاوكردنی باری تەندروستی و سەلامەتی خانەوادە.

ئەوەش بەمانەی خوارەوە دەكرێت:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمویت: (إذا أمْسَيْتُم فكُفُّوا صبيانكم فإنَّ الشياطين تنتشرُ حينئذ، فإذا ذهب ساعةٌ من الليل فخلُّوهُم، وغلّقُّوا الأبواب واذكروا اسم اللهِ، وخمرِّوُا آنيتَكم واذكروا اسمَ الله ولو أنْ تعرضُوا عليها شيئاً، وأطفئوُا مصابيحَكُمْ)[1]، واتە: ئەگەر ئێوارە هات ئەوا منداڵەكانت بهێننە ماڵەوە چونكە شەیتانەكان لەو كاتانەدا دەردەچن وبلاّودەبنەوە، وە ئەگەر ساتێك لە شەو تێپەڕی (دوای عیشا) ئەوا وازیان لێ بهێنن و دەرگاكان داخەن وناوی خوای لەسەر بهێنن لەكاتی داخستنیدا، وە سەری دەفرەكانتان داخەن و بەدەم كراوەیی بەجێیان مەهێڵن وناوی خوا بهێنن ئەگەر شتێكیشی لەسەر دابنێن كە هەمووی نەپۆشێت، وە گڵۆپ ورۆشناییەكانتان بكوژێننەوە.

وە هەروەها لە گرنگی دان بە تەندروستی ماڵ ئەوەیە كە دەرمانخانەیەكی بچووك لە شوێنێكدا دابنرێت بۆ ماڵەوە.

---

(1) صحيح البخاري برقم (٥٦٢٣).

**١٣- دووركەوتنەوە لە زۆر ڕازاندنەوەی ماڵان چونكە ئەو دیاردەیە زۆر بەربڵاوە كە گرنگیەكی زۆر دەدرێت بە ڕازاندنەوەی دیوار و رووكەش بە شتی گران بەها كە هیچ پێویست نین ئەوەش لە دەرئە نجامی دڵپەیوەست بوون بە دونیا و پێی دڵخۆش بوون و شانازی پێوەكردنی.**

١- ئەبی جوحەیفە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (ستُفتح عليكم الدنيا حتى تُنجّدوا بيوتكم كما تنجّد الكعبة، فأنتمُ اليوم خيرٌ من يومئذ) [1]. واتە: دونیاتان بەڕوودا دەكرێتەوە و واڵادەكرێت بۆتان هەتا وای لێ دێت دیواری ماڵەكانتان ڕووپۆش دەكەن و دەیڕازێننەوە وەكو چۆن دیواری كەعبە رووپۆش كراوە، جا ئێوە ئێستا پێش هاتنی ئەو كات و سەردەمە باشتر وخێرترن لەو كاتە.

٢- پێشەوا موسلیم لە عائیشەوە گێڕاویەتیەوە كە دەڵێت: (أن رسول الله خرج في غزاة فأخذتُ نمطاً فسترته على الباب، فلمّا قدم فرأى النمط عرفتُ الكراهية في وجههِ فجذَبه حتى هتكه أو قطعه وقال: إنّ الله لم يأمرنا أن نكسوا الحجارة والطين) [2] واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەرچوو بۆ غەزایەك و منیش پەردەیەك (پارچە قوماشێك)م هەبوو دەرگاكەم پێ داپۆشی( دام بەسەر دەرگاكەدا)، جا كە پێغەمبەری خوا هاتەوە و ئەو پەردەیەی بینی هەر بە دەموچاویەوە زانیم پێی ناخۆشە و ئەوەبوو ڕای كێشا و دڕاندی و فەرمووی: خوای گەورە فەرمانی پێ نەكردووم كە قوڕ و دیوار داپۆشم.

٣- پێشەوا ئەحمەد چیرۆكی فاتیمەی گێڕاوەتەوە كە وتویەتی بە عەلی كوڕی ئەبی تالیب – ڕەزای خوایان لێ بێت- با دەعوەتی پێغەمبەری خوا بكەین، ئەوەبوو پێغەمبەری خوا هات و هەردوو دەستی خستە سەر چوارچێوەی دیوارەكە و پارچە پەرۆیەكی هەڵواسراوی بینی كە ڕازێنرابووەوە بە نەقش

(1) المعجم الكبير للطبراني برقم (٢٧٠)وهو في صحيح الجامع برقم(٣٦١٤).

(2) صحيح مسلم برقم (٢١٠٧).

ونیگار و گەڕایەوە، ئەوەبوو فاتیمەش بە عەلی ووت: فریای بكەوە وپێی بڵێ بۆچی گەڕایتەوە ئەی پێغەمبەری خوا؟ ئەویش فەرمووی: شیاو نییە بۆ من كە بڕۆمە ماڵێكەوە كە رازێنرابێتەوە[1].

٤- عبداللە ی كوڕی عومەر رضي الله عنه دەڵێت: هاوسەرگیریم گرد لەسەردەمی باوكمدا و باوكم خەڵكی بانگهێشت كرد بۆ نان خواردنی وەلیمە و ئەبو ئەیوب یەكێك بوو لە بانگهێشت كراوان و لەوكاتەدا دیواری ماڵەكەمیان داپۆشیبو بە پەڕۆی سەوز، ئەبو ئەیوب كە هات و ئەو دیمەنەی بینی وتی: ئەی عبداللە ئایا ئێوە دیوار دادەپۆشن؟! سوێند بەخوا تامی نانتان ناكەم و گەڕایەوە. روى البخاري تعليقاً ووصله أحمد ومسدد والطبراني[2].

پێشەوا ابن حجر دەڵێـت: هاوشێوەی ئەو ڕووداوە بەسەر خودی ابن عومەردا هات دواتر و ئەمیش گەڕایەوە وەكو هەڵوێستەكەی ئەبو ئەیوب، جا گێڕاومانەتەوە لە كتێبـی (الزهد)ی پێشەوا ئەحمەد لە رێگەی عبداللە ی كوڕی عوتبەوە كە دەڵێت: ابن عومەر بانگهێشت كرا بۆ نانی وەلیمەی كەسێك كە دیواری ماڵەكەی داپۆشرابوو بە پەڕۆ، ابن عومەریش ووتی: ئەی فلان كەس ئەوە كەی كەعبە گواستراوەتەوە بۆ ماڵەكەت؟ پاشان بەو هاوەڵانەی كەلەگەڵیدا بوون وتی: با هەریەكەو لای خۆیەوە بیدڕێنێت[3].

هەریەك لە پێشەوا الحاكم و بەیهەقی گێڕاویانەتەوە لە عبد الله بن يزيد الخطمي رضي الله عنه كە ماڵێكی داپۆشراو بەپەڕۆی بینی، دانیشت و دەستی كرد بە گریان و ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەری خوای ﷺ

---

(1) مسند أحمد برقم (٢١٩٢٢)، وهو في صحيح الجامع برقم (٥٤٢٧).
(2) المعجم الكبير للطبراني برقم (٣٨٥٣).
(3) فتح الباري (٩/٢٤٩) برقم (٥١٨١).

بیرهاتەوە كە فەرموویەتی: كیف بكم إذا سترتمُ بیوتكم [(1)]. واتە: چۆن دەبن وچیتان بەسەردێت كاتێك ماڵەكانتان دادەپۆشن.

٥- پێشەوا ابن حجر لە (الفتح)دا دەڵێت: نەهی كردن لە داپۆشینی ماڵ بە ڕاشكاوی هاتووە لە چەند فەرموودەیەكدا لەوانە فەرموودەی ابن عباس لای ئەبی داود و جگە لەویش كە دەڵێت: (ولا تستروا الجدُرَ بالثیاب) وفي إسناده ضعف، وله شاهد مرسل عند البیهقي وعند سعید بن منصور من حدیث سلمان الفارسي موقوفاً: (إنّه أنكر ستر البیت وقال: أمحمومٌ بیتكم، لا أدخلُه حتى یُهتك) [(2)].

پێشەوا ابن قدامە لە كتێبی (المغنی)دا دەڵێت: داپۆشینی دیوار بە پەڕۆ وپەردەیەك كە وێنەی لەسەر نەبێت ئەگەر لەبەر پێویستیەك بێت دروستە وەكو بۆخۆپاراستن لە گەرما وسەرما، بەڵام بەبێ پێویستی ئەوا مەكروهە و عوزرە بۆ وەلاَم نەدانەوەی بانگهێشتی وەلیمە [(3)].

٦- پێشەوا ئەلبانی لە كتێبی(آداب الزفاف)دا دەڵێت: پێویستە ماڵەكەی بپارێزێت لە هەموو ئەو شتانەی كە پێچەوانەی شەرعە و لەوانە داپۆشینی ماڵ و دیوار بە پەردە وپەڕۆ و هاوشێوەكانی با ئاوریشمیش نەبن چونكە زیادەڕۆییە و ڕازاندنەوەی بێ پێویستە لەبەر فەرموودەكەی عائیشە لە موسلیمدا هاتووە، وە هەروەها هەندێ لە سەلەف نەچوونەتە ماڵێكەوە كە دیوارەكانی داپۆشرابن وەكو بەسەرهاتەكەی ئەبی ئەیوب و ابن عومەر، پاشان باسی وتەی شیخی ئیسلام ابن تیمیە دەكات لە الاختیارات دا ١٤٤ : كە دەڵێت: " مەكروهە دیوار وكلی دۆر داپپۆشرێت بەبێ پێویستی " [(4)].

---

(1) قال ابنُ حجر في الفتح (٩/٢٥٠) الحدیث. وأصله في النسائي.

(2) فتح الباري (٩/٢٥٠).

(3) المغني لابن قدامة (٨/١١٤) مسألة (٥٦٧٦).

(4) آداب الزفاف للألباني، الأدب رقم (٣٨).

جا پوختەی قسە سەبارەت بەم باسە ئەوەیە: یان مەكروهە یان حەرامە لەبەر ئەوەی ماڵ بەفیڕۆدانە و دڵپەیوەست بوونە بە دونیاوە.

لەو زانایانەی كە وتویانە مەكروهە: زۆرینەی شافعی مەزهەبەكان وەكو نەوەوی لە شەرحی موسلیمدا دەیگێڕێتەوە، و ابن قدامە و ابن تیمیە.

وە لەو زانایانەیشی كە دەڵێن حەرامە وەكو هەندێ لە شافعیەكان و ابن حجر و شەوكانی و بوخاری و بەغەوی وئەلبانی.

---

وللمزيد من التفصيل راجع :

١- فتح الباري ٩/٢٤٩

٢- شرح السنّة للبغوي ٩/١٤٦

٣- نيل الأوطار للشوكاني ٦/١٨٥

٤- المغني لابن قدامة ٨/١١٤

٥- آداب الزفاف للألباني الأدب ٣٨

٦- الاختيارات العلمية لابن تيمية رقم ١٤٤ .

## ئەمە چەند ئامۆژگاریەك بوو بۆ چاكسازی نێو ماڵان

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.